دەیژەنێ، بەڵام لە مۆرەکەدا وێنەی ئەم مۆسیقاژەنە، کەمێکی ڕووشاوە، بۆیە ناتوانرێ بزانرێ ئامێری مۆسیقاکە چییە!.

دیسان دەبلیو. هینز، دەڵێ «کوتیک ئینشو شیاک»ی پاشای ئیلام لەنێوان ٢٢٢٠-٢٢٤٠ی پێش زایینیدا تیپێک مۆسیقاژەنی ڕاگرتووە، بۆ ئەوەی شەو و ڕۆژ لەبەر دەروازەی پەرستگەی شوشدا، خەریکی مۆسیقاژەندن بن.

هەر ئەم شوێنەوارناسە ئاماژە بۆ نووسینێکی تر دەکات، کە لە **کولفرە**دا دۆزراوەتەوە. نووسینەکە ئەم شتانەی تێدایە: وێنەی **هانی کوڕی تاهی هیزی** فەرمانڕەوای شاری **ئایاپیر**، دوو پاسەوانی تیروکەوان و ڕم بە دەست، لە پشت «هانی»یەوە وەستاون، **شوترووری** ساقی **هانی**، تیپی «هوبان»ی ڕاوکاری **هانی**، **کوتوری** قەشەی **هانی**، **تیروهونتی** -بەرپرسی گاوگەردوون لە بۆنەکاندا-، دوو کەسی تر -کە ئاژەڵێکیان گرتووە-، سێ کەسی تر، کە ئەم ئامێرە مۆسیقاییانە دەژەنن: ١- **سونکیر**: چەنگ، ٢- **سونکیرشو**: فلوت، ٣- **سۆمۆمۆ**: «ئامێری مۆسیقاکەی ئاشکرا نییە».

ئەم نووسراوە، بە گوێرەی ئەو خەت و وێنانەی لەسەری هەڵکۆڵراون؛ بۆنەی گاوگەردوونێکە، بۆ خواوەندی بەهێز و پارێزەری سەرزەمینی ئەیاپیر(١٠٨، ٢٠).

جگە لەمانەش، دۆزینەوەی ئەو وێنە هەڵکۆڵراوانەی سەر کێوەکانی **مەلامیری** بەختیاری، کە وێنەی چەند چەنگ ژەنێکە و لەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ کرد و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ (٨٠٠) ساڵی پێش زایین، هەروەها وێنەکانی ژمارە ١٦،١٧،٢١،٢٢ی ئەم کتێبە.

ئەم نموونانە، بەڵگەی ئەوەن وەک چۆن پەیڕەوانی ئایینی زەردەشت لە ئاتەشگەدە و لە کاتی پەرستن و لە بۆنەی تایبەتیدا مۆسیقایان ژەندووە و دواتریش و بەتایبەتی لە سەردەمی «ساسانی»دا، پلەوپایەی مۆسیقا گەیشتۆتە ئەوپەڕی ڕێزلێنان و بۆ هەر ڕۆژێکی هەفتەش جۆرە ئاوازێکی بۆ تەرخانکراوە، ئەوا هەر بەو جۆرەش لە شارستانێتی ئیلامدا، مۆسیقا لە هەموو کاروبار و بۆنەیەکی ئایینی و دەوڵەتیدا، پلەوپایەی تایبەتی هەبووە، کە ئەمە پردی هاوبەشبوونی فەرهەنگیی ئەم دوو شارستانێتی و ژیارەیە، لە مۆسیقادا.

خۆ ئەگەر ئەوەش لەیاد نەکەین کە وتمان بەهۆی نزیکایەتی هەرێمی «ئیلام»ەوە لە جوگرافیا و شارستانێتی **سۆمەری**، ئەوا کارتێکردن و ڕەنگدانەوەی نەریتە باوەکانی **بابلی** و «سۆمەری»شمان دێتە یاد، کە کەم و زۆر کاری خۆیان لەسەر فەرهەنگی ئیلامی کردووە و نەریتی **چەمەری** دێرینە و هەمیشە زیندووی هەرێمی ئیلامیش، «کە مەبەستی



ئێمەیە»، تا ڕادەیەکی کەم، نیمچە زەبری میتۆلۆژیا و نەریتێکی سۆمەری بەسەرەوەیە، بەڵام دیسانیش شێوەی ئەڵقە و بازنە بەستنی بەشدارانی چەمەریکاران، ئەوەندە لە سۆمەری و بابلی نزیک نییە.

لەم بوارەدا نموونەی چەند هەڵپەڕکێ و سەمایەکی یەکجار دێرین، لە ناوچەکانی «چەشمە عەلی ئەکبەر»ی لورستان لەلایەن شوێنەوارناسانەوە، لەسەر ڕووی چەند پارچە گۆزە و دیزەیەک دۆزراونەتەوە، کە مێژوویان بۆ (٣٥٠٠) ساڵی پێش زایین دەگەڕێتەوە و لە هەموویاندا شێوەی دەستگرتن و بازنە بەستنی ڕیزی هەڵپەڕکێ و سەماکاران، کتومت لە «هەڵپەڕکێ»ی ئێستای کوردەواری دەچێ.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە و وەک لە توێژینەوەی شوێنەوارناسانی ئەم تابلۆی هەڵپەڕکێ و سەماکارانەشدا هاتووە، بەشدارانی ئەم هەڵپەڕکێ و سەمایانە، بە پێچەوانەی جلوبەرگی ئێستای کوردەوارییەوە، کە هەموویان فشوفۆڵ و هەراون، جلوبەرگی ئەمانە، یەکجار تەنگ و لەبەردا گوشراویان پۆشیوە. لە هەمان کاتیشدا لەوەچێ جگە لەوەی دەست و پەنچەیان لە یەکتر ئاڵاندووە، شتێکی تریش وەک دەسرۆکەشیان لە دەست و



پەنچەیانەوە ئالاند بێت[١] کە ئەم بە کۆمەڵ بازنە بەستن و جۆری یەکترگرتنە، هەر تەنیا لای ئارياییی باوبووە و تەنیا پردی نزیکایەتی نێوان **چەمەری** و نەریتی شیوەن و پرسە و کۆست کەوتنی سۆمەری، لەوەدایە کە «چەمەری»ش بە تەنیا بۆ کۆست کەوتنە، کە لەمەشدا نەک هەر بابلی و سۆمەری، بەڵکو هەموو دراوسێکانی هەرێمی ئیلام، نەریتی تایبەتیان بۆ کۆست و پرسە و شیوەنیان، لە نەریتی چەمەری نزیک بووە. وەک ئەوەی لە ئێرانی کۆندا «فینیق»ی و «ئەسکەندەر»یش، ئەم نەریتەیان بۆ خەم و کۆست و شیوەن پەیڕەو کردووە، کە لە هاویندا، دوای وەرزی دروێنە، واتە لە کاتی وشکبوونی گیادا، ئەم نەریتەیان ئەنجامداوە. دیسان هەر لە ئێراندا، شیوەنی لەمجۆرەیان بۆ مەرگی **سیاوەش** کردووە. لە خاکی **کەنعان**یشدا، شیوەنی **ئەدۆنی** هەبووە. کە واژەی **ئەدۆنی** لای فینیقی و ئەسکەندەری بۆتە **ئەدۆنیس** و لای **«سۆمەری»**ش بۆتە **تەمووز** و ئەم نەریتی شیوەنەش، لای ئەمانەی دوایی، بە تەنیا بۆ **سرووشت** کراوە، واتا بۆ ئەو کاتانەی کە سروشت تووشی وشکایی و نەهاتە ساڵێی و قاتوقڕیی هاتووە. بۆیە خواوەندە جیاجیاکانی ئەمانە، لەو کاتانەدا بە دەنگ خەمی مرۆڤەوە هاتوون، کە مرۆڤ بۆنە و وەرزی تایبەتی بۆ ڕێزلێنانی ئەم خواوەندانە داناوە. هەرچەندە ئەم خواوەندانەش هەر دەستکردی ڕاستەوخۆی خەیاڵ و لێکدانەوەی خودی مرۆڤن. چونکە مرۆڤ لە دێرزەمانەوە، کە هەستی کردووە ئەو ئاڵوگۆڕە گورج و تیژڕەوانەی بەسەر ئەم زەوییەدا دێن، هەڵوێستەیەکیان لە عاستدا بکات و ئاوڕێک لە خۆی بداتەوە، کە ئەم شتانە چۆن وابوون و چۆن وا زوو تێپەڕین! ئیتر ئەم هەڵوێستەیە، لە ئاکامدا مرۆڤی بۆ ئەوە بردووە، کە بە خۆی بڵێ: ئەو دیاردییانەی پێشوو، دەبوایە هەروا بوونایە، چونکە مرۆڤ کاتێ چاوی لێ بێت: زەریا و ڕووبار دەیبەستێ، ئەوا ئەو سەوزایی و تەڕاییەی لەسەر زەوی هەیە، وشک دەبێ؛ یەکسەر بیری لەوە کردۆتەوە کە هێزێکی گەورە، یان دەسەڵاتێکی گەورە، ئەمانە دەبزوێنێ. لەبەرئەوە دووربینی و پێشبینی کردووە و بۆ ئەوەش ئەم هێز و دەسەڵاتە، زیان بەمیش نەگەیەنن، بە چاکی زانیوە ئەم دەسەڵاتە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، یان هەر هیچ نەبێ بەو جۆرەی ڕام بکات، کە خۆی مەبەستێتی، بۆیە پەنای بۆ ئەفسانە و ئایین و جادوو بردووە، تا هەر کاتێ پێویستی بە **ئاو** بوو، **باران** ببارێنێ؛ پێویستی بە **هەتاو** بوو، خۆر هەڵبێنێ؛ پێویستی بە **زاووزێی ئاژەڵ** بوو، زیادیان بکات؛ تا وردە وردە مرۆڤ خۆی گەیشتە ئاستی ئەو زانیارییانەی کە: خۆرکەوتن و ئاوابوون و بەردوادا هاتنی وەرزی بەهار و هاوین و پاییز و زستان، لەپشت ئەم دیاردییانەوان و ئەو هۆیانەش جۆرە دەسەڵاتێکن، پێیان

(١) ذکاء، یحیی؛ هنرومردم، از انتشارات وزارت فرهنگ و هنر، شماره: ١٨٨- ل ٧-٨ .



دەوترێ: خواوەند. ئەم خواوەندانەش ژن و مێرد دەکەن و زاوزێ دەکەن و دەمرن و دەژێنەوە. کە دەمرن؛ کلۆڵیی و تاریکیی، زەوی لە ئامێز دەگرێ. کە لە دایکیش دەبنەوە، پیت و فەڕ و ئاوەدانیی، زەوی لە باوەش دەگرێتەوە.

ئیتر هەر مرۆڤیش خۆی، بۆنە و وەرزی بۆ ئەم ڕووداوانە دروستکردوون، بە واتا: کە وەرزی قاتوقڕیی هاتووە، ناوی ناوە مەرگی خواوەند و شیوەنی بۆ گێڕاوە؛ کە زیندووش بۆتەوە، سەرزەمین ژیاوەتەوە و ئاهەنگی بۆ گێڕاوە. هەر بۆیەش مرۆڤ پێی وابووە ئەگەر ئەم خواوەندانە چاکە و گاوگەردوونیان لەگەڵدا بکرێ، دڵیان نەرم دەبێ و بژێوی و پێویستی مرۆڤ بە دەست دەخەن. ئەگەریش دڵیان ئازار بدرێ، ڕەشەبا، لافاو، قاتوقڕیی، بێ بارانی، ڕوو لەسەر زەوی دەکات.

ئالێرەوە، مرۆڤ بۆ دڵ ڕاگرتنی ئەم خواوەندانە، ئەوەی لای خۆیەوە داهێناوە، کە ئەم خواوەندە نێر و مێیانە، لە یەکتر مارە بکات، بەم کارەش بەردەوامیی ژیان و بەردەوامیی لە دایکبوون و زاوزێی داهاتوو، دەستەبەر، یان دروست بکات. بۆیە ئەوەی لەو ئاڵوگۆڕە ئاشکرایانەی ئاووهەوای ناوچەی مام ناوەندی ئەم سەرزەمینەدا، بە زەوقی خۆیان دەنوێنن، دیاردیی «ڕووەک»ە. بۆ ئەمەش ئەو هەموو نەریت و بۆنە و شانۆگەریی و ڕەوشت و خووانە، ئەنجام بەوە دەشکێتەوە، کە بەهار بگەڕێننەوە بۆ سەر زەوی. هەرچەندە لەپاڵ ڕووەکیشدا پێوەندی توند و قوڵی نێوان ڕووەک و ئاژەڵ هەیە، ئەو پێوەندییەی بنەمای نەریت و ئەفسانە و جەژن و ناخۆشییەکانە، چونکە مرۆڤ زانیویتی ئەم دووانە: ڕووەک و ئاژەڵ، مایەی بژێوی مرۆڤ و زیندەوەرانن و هەتا پلەی پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤیش، بەرەو پێش بچێت، مرۆڤ زیاتر پێویستی پێیان دەبێت. بۆیە تا مرۆڤ لە ژیاندابێ، ئەم دووانەش بناغەی ژیانی مرۆڤن. لەبەرئەوە ئەوە دەهێنێ مرۆڤ هەموو شتێکیان لە پێناودا بکات.

ئەم ئەفسانە و «میتالۆژیا»نەش ئەوەندەی لە خۆرئاوای ئاسیادا باوبوون، ئەوەندە لە هیچ جێگەیەکی تری سەر زەویدا بەو شێوەیە باونەبوون. کە نیشانەکانی مرۆڤ و ژیانەوەی ساڵانەی ڕووەک و ئاژەڵ، بە تایبەتیش ڕووەک، بەناوی خواوەندی **ئۆزیرس، تەمووز، ئەدۆنیس، ئایس** ناونران و بەم شێوەیە ڕووەکیان بە خواوەندێک زانیوە، کە هەموو ساڵێک دەمرێت و زیندووش دەبێتەوە.

بەڵام لە سەرەتادا، گەلانی **سامی** لە **بابل**، خواوەندی «ئەدۆنیس»یان پەرستووە و دوای ئەمانیش، لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا **گریک** ئەم نەریتەیان لێ فێر بوون.

وشەی ئەدۆنیسیش لە بنەڕەت و ڕەسەندا **تەمووز** بووە و دوایی «سامی»یەکان گۆڕیویانە بە **ئەدۆنیس**، کە ماناکەی: گەورە و بەڕێز و کاک... هتد، دەگرێتەوە.

بەڵام ئەگەر لە بنەچەدا تەمووز، یان ئەدۆنیس لەگەڵ ناوچەی سەر بە ڕەگەزگەلی «سامی»دا پەرسترابێ، ئەوا چەند هۆیەک هەیە، دەمانخەنە ئەو گومانەوە بڵێین پەرستنی تەمووز «ئەدۆنیس» ، لە بنەڕەتدا هی ڕەگەزێک بووە، خوێن و زمانیان لە خەڵکی تر جیاوازتر بووە، ئەم ڕەگەزەش «سۆمەری»یە، کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە لە میسۆپۆتامیا ، واتە: ناوچەی عێراقی ئێستادا ژیاون و هەرێمەکەیان ناوی **بابل** بووە. ئەم بابلییانە گەیشتوونەتە پۆپەی شارستانێتی و گەشەکردن. هەر ئەمان بوون بۆ یەکەم جار زەوییان کێڵاوە، جۆگەیان هەڵگرتووە، مەڕومالاتیان بەخێوکردووە، لەپاڵ ئەمانەشدا گوند و شارۆچکە و شاریان دروستکردووە. وەک دەریش دەکەوێ کۆنترین پەرستراویان خواوەندی **تەمووز** بووە، مانای تەمووزیش بە زمانی سۆمەری: کوڕی ڕاستەقینەی ئاوە قووڵەکانە. لە هەندێ لەو پارچە گڵێن و پاشماوە دێرینانەی مێژوویان هی سەردەمی بابلییە، گەلێ شیعری ستایشی تەمووزیش دۆزراوەتەوە، کە مێژوویان زۆر پێش مێژووی زایینە.

تەمووز، لە ئەدەبی ئایینی بابلدا، نموونەی کوڕە لاوێکی شەنگ و قۆزە و دڵداری کچە خواوەندی **عەشتار.** عەشتاریش دایکە گەورەی هەموو پەرەسەندن و زاوزێ کردنێکی سرووشتە. بەپێی ئەو بەڵگە مێژووییانەی دەیگێڕنەوە: خواوەندی تەمووز، هەموو ساڵێک لە ناوەڕاستی هاویندا، دەمرێ، یان ون دەبێ.

مردن و ونبوونەکەی، سەر هەڵگرتنە لە جیهانی خۆشییەوە، بۆ جیهانی ناخۆشی و تاریکی ژێر زەوی. ئیتر کە تەمووز دەمرێ، یان ون دەبێ. کچە خواوەند، یان ژنە خواوەندی عەشتاریش، کە دڵدارێتی، بۆ ئەو ونبوون و سەرهەڵگرتنە، دەکەوێتە شوێنی و بە دوایدا دەگەڕێ. گەڕانەکەیشی لە جیهانی تاریکیی و قووڵایی زەویدایە. بۆیە کە ئەم جووتە دڵدارە، دەکەونە ئەو ونبوون و سەرهەڵگرتنە تاریکەوە، ئیتر هەموو خۆشییەکی سەر زەوی، لە بزووتن دەکەوێ، هیچ شتێک زاوزێ ناکات، هیچ کەسێک خۆشیی ناچێژێ، کەسیش دڵداری ناکات، جیهانیش تاریک دایەت و نەهاتیی ڕووی تێدەکات، مەترسی قڕتێکەوتنی مرۆڤ دەکرێ. بۆیە بۆ جڵەوگرتنەوەی ئەم نغرۆبوونە چاوەڕوان کراوە، خواوەندی **ئەیای** گەورە، ڕاسپێرێک دەنێرێ، تا **تەمووز** ڕزگار بکات، بەڵام لەم کاتەدا **ئالاتوی** خواوەندی دۆزەخ، قایل نابێ و دەڵێ ئەگەر **عەشتار** خۆی بە ئاوی ژیان نەشوات، ڕزگاریان ناکەم، ئەوسا **عەشتار** بە گوێی دەکا و لەگەڵ **تەمووزی** دڵداریدا، دەگەڕێنەوە سەر زەوی و سەرلەنوێ ژیانەوەی زەوی دەست پێدەکاتەوە.



لەو کاتانەشدا کە عەشتار بە دوای تەمووزدا سەرهەڵدەگرێ و دەکەوێتە پشکنین، هەموو خەڵک، بە ئافرەت و مناڵ و پیاوەوە، بە گریان و خۆڕنین و **مۆسیقا** و **تەپڵ** و **دەف** لێدانەوە، شوێنی دەکەون. لە کاتی شوێن کەوتنیدا، هەموویان ویرد دەخوێنن، نوێژی تایبەتی بۆ پەیکەری خواوەندە مردووەکە دەکەن. لە ڕۆژانی ئەم شیوەن و جەژنی ژیانەوانەشدا، پەیکەرەکە بەرگێکی سووری لەبەر دەکەن، داری عوود و بخووریشی بەسەردا دەسووتێنن، تا بە بۆنوبەرامەی ئەم بۆنانە، بە ئاگای بهێننەوە و بێتەوە سەر زەوی.

***

وەک لە بەسەرکردنەوەی ئەم نەریتە دێرینەیەی سۆمەرییەکاندا دەردەکەوێ، پوختەی «میتۆلۆژیا»کە، بۆ مەرگی «سرووشت»ە، کە مرۆڤ بە کۆمەڵ، شیوەن و پرسەی بۆ دەگێڕن. بەڵام لە «چەمەری»دا، پوختەی «میتۆلۆژیا»کە بۆ مەرگی مرۆڤە. لەبەرئەوە ئەگەر شێوەی شیوەن و پرسەگێڕانەکە، لە هەردوو میتۆلۆژیای «سۆمەری و ئیلامی»دا، بە کۆمەڵ بێت، بەڵام بە کۆمەڵ شیوەن گێڕانی ئیلامی، وەک وتمان لە شێوەی بازنە و ئەڵقەبەستنی توندوپتەوی «چەمەری»کارانیدا، لە« هەڵپەڕکێ»ی ماد و ئارییایی نزیکترە. جگە لەوەی لەپاڵ ئەوەشدا بۆ پرسە و کۆست کەوتنە، بەڵام سیمایەکی حەماسی و مارش ئاسایی هەیە و «چەمەری»کاران هەموو جۆرە «چەک»ێک لە خۆیان دەبستن، کە ئەمیش هەر لە هەڵپەڕکێ و سەمای ماد و ئارییایی نزیکە.

وشەی **چەمەری**، لە فەرهەنگە کوردییەکانی وەک فەرهەنگی **مەردوخ** و بەرگی دووەمی فەرهەنگی «خاڵ»دا، لێکدانەوەی جیاجیایان دەربارە نووسراوە. لە فەرهەنگی **هەنبانەبۆرینە**ی هەژاریشدا، شتێکی لەسەر **چەمەری** تێدا نییە. کە لە ڕاستیشدا وشەی **چەمەری** چەندان مانا هەڵدەگرێ. بەڵام ئەو «چەمەری»ەی ئێمە مەبەستمانە، هەر ئەو مانایەی هەیە، کە مەودای بەربڵاوی ئەم نەریتە کۆنە دەیگرێتە خۆی، ئەم نەریتەش لەو جوگرافیا بەرینەدا باوە، کە سەرومڕی **ئیلام** و **لوڕستان** و **کرماشان** دەگرێتەوە و دانیشتوانی باکوور و باکووری خۆرئاوای ئەم جوگرافیایەش پێی دەوترێ: **لەکستان**، چونکە ئاخاوتنیان بەدیالیکتی «لەک»ە و ئەویتری «لوڕستان»ە، چونکە ئاخاوتنیان لوڕیە.

ئەم هەرێمە. جگە لە ئایینی ئیسلام «شیعە» ، پەیڕەوانی ئایینی **«ئەهلی هەق»** یشیان تێدایە. کە وەک دەزانین ئایینی «ئەهلی هەقی»یش بڕوای بە «تناسخ الارواح » هەیە، واتە: بڕوای بەوە هەیە کە **ڕۆح** «گیان»ی هەموو مرۆڤێک لە دوای مردنی، دەچێتەوە بەر مرۆڤێکی تر، بۆیە ئەگەر مرۆڤەکە چاک و پاک و ناودار و خێرخواز بووبێ، ئەوا چاوەڕێ

دەکرێ گیانەکەی بچێتەوە بەبەر کەسێکی چاک و پاک و خێرخوازدا.

لەم بارەیەدا «چەمەری»، مانای «چاوەنواڕیی»ش هەڵدەگرێ. بەڵام وەک لە شوێنێکی پێشووتری ئەم کتێبە و لە بەرامبەر «چەمبەر» و «کەمبەر»دا وتمان بە زمانی پەهلەوی؛ مانای وشەی «بازنە»ش دەدات؛ لە هەمان کاتدا ئەگەر بە جۆرێکی تریش و وەک واژەیەکی لێکدراو، سەیری «چەمەری» بکەین و بەجیاجیا «چەم»، «هەڕ» لێک بدەینەوە، لە مانا «گۆران» و ڕەسەنەکەی نزیکتر دەبینەوە، کە «چەم» بە مانای «چاو» و «هەڕ»یش بە هەورامی «قوڕ» دەگەیەنێ. ئەوسا بە هەردوو وشەکە دەبێتە: «چەم هەڕ»، واتە: چاو بە قوڕ و پاشگری «ی»ش، کە دەبێتە سیفەتی «هەڕ + ی» و مانای چاوقوڕاویی دەدات؛ ئەوا وەک ئەنجامگیریی، مانای وشەی «**چەمەری**»یش دەبێتە: شیوەنی بە کۆمەڵ و بە بازنەیی[١].

«چەمەری»ش ئەو نەریتە دێرینەیەیە، کە مێژووەکەی نازانرێ و لە شێوەی شانۆنامەیەکی شێوە بازنەیەکی بەرجەستەدا، وەک «سەما»یەکی بە کۆمەڵ، کە زۆتر لە «هەڵپەڕکێ»یەکی هێمن و خەمناک نزیکە، بە هاوکاری «دەهۆڵ» و «سوورنا»ی خەمین و سروود و شیعری لاواندنەوەوە، ئەنجام دەدرێ. بۆیە هەندێ جاریش بەم «سەما» و «هەڵپەڕکێ» خەمناکە دەوترێ: «چەمەرچۆپی». ئەم نەریتە بە تەنیا بۆ مەرگی پیاو ئەنجام دەدرێ و ئەو پیاوەش دەبێ زۆر ناودار و هەڵبژاردە و سەرۆک هۆز و خۆشەویستی لای ناوچەکەی بێت. زۆر بە دەگمەنیش بۆ مەرگی شێرەژنان و ئەو جۆرە ئافرەتانە دەکرێ، کە زۆر بەناوبانگ و ڕێزلێگیراون. بەلای زۆریشەوە زۆرتر ئەو بنەماڵانە دەتوانن چەمەری بگێڕن کە لەباری ئابوورییەوە دەسەڵاتدارن.

لە دوای ناشتنی مردووەکە، لە ماوەی هەفتەیەکەوە، تا سێ هەفتە، خۆ ئامادەکردن بۆ چەمەری دەست پێدەکات. چونکە خاوەن پرسەکە، لەو چەند هەفتەیەدا، نامە و ڕاسپاردە و بانگهێشتن بۆ خزم و کەس و دۆستانی بنەماڵەکە و سروود و شیعر خوێن و سوورناژەن و دەهۆڵ کوت و ئەو ئافرەتە دەنگخۆشانەدا دەنێرێ، کە لە پرسە و چەمەریدا، تایبەتن بە لاواندنەوە و پێیان دەوترێ: **موورئار**، یان، **موورخوێن**. کە مەبەستیش لە وشەی **موور** هەر کۆست و شیوەن و خەمە. یان هەندێ جاریش پێیان دەوترێ: **ڕۆچی**، کە هەر مانای: ڕۆ- ڕۆ و شیوەنە(٢٠،١٣٣).

(١) مەولەوی تاوەگۆزی سەبارەت بە «چەمەری» دەڵێ:

جە ئامای نامەت چەمەریم بەرزبی
شادیم شێویا، شێنم سەد تەرزبی



دوای ئەوەی خاوەن مردووەکە، لە **چەمەری** گێڕان دەبێتەوە، ئەوسا دەشێ هۆزێکی تری خزم، یان دۆستانی نزیکی بنەماڵە پرسەدارەکە، لە جێگەی تریش **چەمەری** بۆ هەمان مردوو بگێڕن، کە ئەمە چەند هۆیەکی هەیە: لەبەرئەوەی مردووەکە، پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، یان بە هۆی خزمایەتییەوە، یان لەبەرئەوەی بنەماڵەی پرسەدارەکە، پێشتر «چەمەری»یان بۆ مردووی ئەم بنەماڵانە گێڕاوە. خۆ ئەگەر هەر لە سەرەتاشەوە بنەماڵەی مردووەکە، بە هۆی نەدارییەوە نەتوانن خۆیان **چەمەری** بۆ مردووەکەیان بگێڕن و مردووەکەشیان لای خەڵکی گوند و هۆزەکەیان ڕێزلێگیراو بوو، ئەوا خەڵکی گوندەکە، یان هۆزەکە، **چەمەری** بۆ دەگێڕن، کە ئەمە نیشانەیەکی گرنگ و پڕ مانای بۆ نەوەکانی داهاتوویان دەبێ. چونکە مەبەست لەم ڕێزلێنانە، جگە لەوەی نیشانەیەکی وەفاداریی بنەماڵە و خزم و دۆستانێتی، بۆ ڕەوشت و ئاکاری مرۆڤانە و چاکە و بەرزیی مردووەکە، لە هەمان کاتیشدا مەبەست لە پێزانین و ڕێزلێنان و پاراستنی ڕەوشتی مردووەکەشە، تا نەوەی دوای ئەو، ڕەوشت و ئاکاری ئەو، بکەنە سەرمەشق. لەبەرئەوە تا پلەوپایەی مردووەکە بالاتر بێت، تەدارەکی «چەمەریی»ەکەش بە شکۆتر و شیاوتر دەبێ و لەم پێناوەشدا هەموو لایەک دریغی ناکەن و ئەوپەڕی تەقەللایان تەرخان دەکەن، تا «چەمەری» گێڕانەکە، لە پلەوپایەی مەزنی مردووەکەدا بێت. هەر بۆیەش وتمان «چەمەری» بۆ ئەو مردووانە ساز دەکرێ، کە لای زۆربەی خەڵکەوە، وەک ڕابەر و پێشەنگ و جگەرسۆزی خۆیان سەیری دەکەن.

پێش ئەوەی هیچ هەنگاوێک بۆ چەمەری گێڕان هەڵبگیرێ، پێداویستیەکانی ئامادە دەکەن، کە سەرەتا کەرەسە و پارەی پێویست لەنێوان ئەندامانی بنەماڵە و خزمان و دۆستاندا کۆدەکرێتەوە، ئەوسا کات و شوێنی چەمەری دیاری دەکرێ و بە جۆرێکیش بانگهێشتن و بەسەرکردنەوەی خزم و دۆست و دڵسۆزان دەکرێ، تا هیچ کەسێک لەبیر نەکرێ، نەک ببێتە مایەی گلەیی و دڵڕەنجاندنی هیچ لایەک، چونکە نیاز لە دەنگدانی خەڵک، بۆ ئامادەبوونی چەمەری، لەوەدایە کە یەکێتی و تەبایی و هاوکاری لەنێوان هۆز و بنەماڵەگەل و خزماندا پتەوتر بکرێتەوە و هەموویان بەشداری لە خەم و کۆست و پرسەی یەکتریدا بکەن. دوای ئەمانە بە جۆرێکیش بیر لە شوێنی چەمەری **چەمەرگە** دەکرێتەوە، تا لە داهاتوودا بتوانن نیشانە و بەڵگە و شوێنەواری چەمەرییەکەی تیا جێ بهێڵن و ببێتە یادگارێک بۆ سالانی داهاتووتر، بۆ بەسەرکردنەوە و بیرەوەری کردنەوەی، کە بۆ ئەمەش یادگارێک لە شێوەی بەردەنووسێک، یان میلێک، ناوی مردووەکە و تەمەنی و مێژووی سازدانی چەمەرییەکەی لەسەر دەنووسن و بەمەش دەوترێ «چەک جێ»[٩٥، ١٠٨]. بۆیە

دەبێ چەمەرگە لە جێگەیەکی لەباردا بێت، کە بەلای زۆرەوە لە دەرەوەی گوند و شارۆچکە و شارەوە دەبێ. هەڵکەوتی «چەمەرگە»ش بەجۆرێک ساز دەکەن، شێوەیەکی بازنەیی هەبێت، تا جێگەی هەموو بەشداران و بانگ کراوان و تەنانەت ئەو هاوخەمە چاوەڕواننەکراوانەیشی تێدا ببێتەوە، کە بەبێ بانگهێشتن ئامادە دەبن. جگە لەمانەش شوێنی ڕەشماڵ هەڵدان، بۆ حەوانەوەی خەڵک و ڕایەخ ڕاخستن و ئەڵقە و بازنەی چەمەریکاران و ئاڵا و ئەسپ و کۆتەڵ و شوێنی تایبەتی چێشت و خۆراک دروستکردنی بۆ هەموو بەشداران تێدا ببێتەوە. کە زۆرجار دابەشکردنی **چەمەرگە** بۆ دیاریکردنی جێگەی ئەو شتانەی سەرەوە، بە خۆڵەمێش، یان بە گەچ ڕەنگرێژیی دەکرێ.

لە سەرەتای دەست پێکردنی چەمەریدا، دەستەیەکی تایبەت لە سەرانی بنەماڵە و هۆزەکە، دەبنە لیژنەی پێشوازی، کە ئەم دەستەیە جلوبەرگی ڕەنگ ماتی ناوچەیی خۆیان لەبەر دەکەن و ناوچەوان و سەرشانیان لە قوڕ دەگرن و نەوارێکی ڕەشی پان، بەشێوەی ڕاست و چەپ، وەک **حەمایل** هەڵدەگرن و شاڵێکی تەنکی وەک عەبا، بەشان دا دەدەن. بەدەم دووبارەکردنەوەی: **«هەی داد، هەی بێداد، هەی وای، هەی بێدای»**وە،(١٠٨، ٩٤) بەخێرهاتن و ماندوونەبوونی و هاوخەمیی تازە هاتووان دەکەن. تازە هاتووانیش بەناوی پرسانەوە، دیاری وەک مەڕ، بزن و بابەتی خۆراک(٢٠، ١٣٤) و ئەوانەش کە لە شوێنی نزیکەوە هاتوون، خۆراکی گەرم-یان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە. بەمەش قورسایی ئەرکی بەڕێوەبردنی چەمەرییەکە لەسەر ئەستۆی خاوەن مردووەکە، کەمتر دەکەنەوە. ئیتر تازەهاتووان، هەرکە دەگەنە جێ، هەر لەو قوڕەگیراوەیەی بۆ چەمەرییەکە ئامادە کراوە، ناوچەوان و سەرشانەکانی خۆیانی پێ لە قوڕ دەگرن. ئەمەش نیشانەی گەڕانەوەی یەکجاریی مرۆڤە، بۆ ناو خاک و گڵ، کە چارەنووسی هەموو مرۆڤە.

ئەوسا پێشوازیکاران بۆ حەوانەوەیان ڕێنماییان دەکەن بۆ ناو ڕەشماڵەکان، کە دوای حەواندنەوە و پێشکەشکردنی چایی و خۆراک، یەکێک مۆڵەت لە گەورەیەکی بنەماڵەی مردووەکە وەردەگرێ و سینیەک بە دەستەوە دەگرێ، کە چەقۆیەکی لەسەرە(١٠٨، ٩٥)، دەست دەکات بە تەکاندن و سڕینی قوڕی ناوچەوان و سەرشانیان، ئەوانیش دوای ئەوەی پەژارە و هاوخەمیی خۆیان دەردەبڕن، بەرودوا ڕوودەکەنە چەمەرگە و بازنە و ئەڵقەی دەستگیراوانی چەمەریکاران. بەمجۆرە پۆڵ پۆڵ، ئەڵقەی چەمەریکاران تا دێت گەورە و گەورەتر و سیخناختر دەبێ.

دەستەیەکی تری پێشوازیکارانی ئافرەتیش، کاریان بەخێرهاتن و حەواندنەوەی میوانگەلی ئافرەتە، کە ئەمانیش سەروپێچی ڕەنگ ماتیان بەسەرەوەیە و عەبای ڕەشیان



لەبەردایە. بەدەم بە پیرەوەچوونی میوانەوە، جۆرە سەمایەکی وێکچوو ئەنجام دەدن، هەردوو دەستیشیان بە خەم و پەژارەوە بەسەر ڕوومەت و تەنانەت ڕووشاندنی ڕوومەتیاندا دەدەن و پەیتا پەیتاش بە دووبارە کردنەوەی خێرا خێرای وەک زریکە ئاساوە، بە: وای وای، **وەی وەی**،پێشوازیی میوان دەکەن(١٠٨، ٩٥). کە ئەم کارەیان، چ لە کاتی پێشوازیی ئافرەتانی میواندا و چ لە ئەنجامدانی «چەمەری»یەکەدا، تێکەڵ بە ئاوازی خەمناکی سوورنای و «دەهۆڵ»ە و بە جۆرێک دەنگی لاواندنەوەیان تێکەڵ ئاوازی سوورنا و دەهۆڵەکە دەبێت، هەستێکی دڵتەزێن و خرۆشاو لە دڵ و دەروونی بەشدارانی چەمەریدا دروست دەکات، کە هەموویان دەهەژێن، لەگەڵ **سەمای بەیەکەوەی** جەستە و دەست هەڵسوڕاندنی ژنانی ڕوومەت ڕنراوی هەڵچوودا، ئاوازێکی یەکجار دڵتەزێن بە مەیدان و ئاسمانی **چەمەرگە** دەبەخشن.

من خۆم، کە لە ڕۆژانی ٢٣-٢٤ی شەهریوەری ١٣٧٣، ١٩٩٤/٩/١٥ز، لە بیرەوەری دووسەد ساڵەی شاعیری ناوداری ئیلامی - میرزا ڕەزای ئەرکەوازی، لە شاری ئیلام بەشدار بووم. لەگەڵ پێشکەشکردنی بەرنامەکانی بیرەوەری شاعیری ناوبراودا، هونەرمەندانی ئیلامی، لەسەر شانۆ، چەمەرییان نواند. هەموو گیانم هاتبووە مێروولە، بە تایبەتی کە سەرەتای چەمەرییەکەیان بە سوورناییەکی خەمین دەست پێکرد، ئیتر سەرومڕی هۆڵی بیرەوەرییەکە، پڕ بوو لە کەشوهەوایەکی سەیر، کە جڵەوی بیرەوەری هەموومانی بۆ یادگاری دوور و دوورتر و بۆ ناو ئەفسانە و میتۆلۆژیا دەبرد. لە کاتێکا کە چەمەرییەکەش هەر تەنیا وەک شانۆنامەیەک پێشکەشکرا، نەک وەک لە کاتی کۆستێکی ڕاستەقینە و زیندووی پڕ حەشاماتی بە دەنگی **سوورنای** و **دەهۆڵ** خرۆشاو.

... کاتێ کە هەموو بەشدارانی چەمەری، لە چەمەرگە کۆدەبنەوە، ئەوسا ژنان بەجیا و پیاوانیش بەجیا، بەڵام هەموویان لە شێوەی بازنەدا، لەسەر هێڵە بازنەییەکە، پێکەوە ڕیز دەبەستن، ئاڵا و کۆتەڵیش لە جێگەی جیاجیای ڕیزەکەدا، دادەنێن.

کۆتەڵیش «بریتییە لە هەندێ یادگاری بەجێماوی مردووەکە، وەک تفەنگ و خەنجەر و جلوبەرگ» بەزینی ئەسپێکەوەی دەبەستن و کەسێکیش جڵەوی ئەسپەکە دەگرێ و بەناو خەڵکەکەدا دەیگێڕێ.

سروودبێژان و لاواندنەوەکارانیش لە ئافرەت و پیاو، لەوسەری ڕیزەکانەوە دەنگیان تێکەڵ ئاوازی سوورنای و دەهۆڵی خەمین دەکەن و لەسەرخۆ دەچنە ئەوسەری ڕیزەکان و بە هەمان شێوەش لەو سەرەوە دەگەڕێنەوە ئەمسەر. ئەم کارە، لە هەتاو کەوتنەوە، تا نیوەڕۆ